# پەند وئامۆژگاری وچیرۆکی

# یەکێك لەوسێ منداڵەی لە لانکەدا هاتنە قسە وگفتوگۆ کردن

[ بە کوردی ]

## دروس وعبر من قصة جريج العابد

[ باللغة الكوردية ]


نوسینی :**حاجی ئومێد چروستانی**

المؤلف :أوميد عمر علي

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# پەند وئامۆژگاری وچیرۆکی

# یەکێك لەوسیێ منداڵەی لە لانکەدا هاتنە قسە وگفتوگۆ کردن

سوپاس و ستایشی پێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهانیان و درودو ڕەحمەتی نەپراوەش بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی ( موحەمەد ) وئال و بەیت وهاوەڵانی هەتا هەتایە .

ئەم چیرۆکەی لەبەردەستماندایە بەسەر هاتێکە لە ناو ئومەتەکانی پێش ئیسلام ڕویداوە، کە پێغەمبەر ی ئازیمان ( درودی خوای لێ بێت ) بۆمان دەگێرێتەوە، ئیمامی بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان کردوە [پروانە سەحیحی بوخاری _ كتاب الأنبياء – باب(واذكر في الكتاب مريم إذ انتبذت من أهلها) فەرموودەی ژمارە ٣٤٣٦ ، هەروەها سەحیحی موسلیم كتاب البر والصلة والآداب _ باب ( تقديم بر الوالدين على التطوع بالصلاة وغيرها ) فەرموودەی ژمارە 2550] . ، لە ڕیوایەتەکەی ئیمامی موسلیم واهاتوە : عن أبي هريرة( رضي الله عنه ) عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : (لم يتكلم في المهد إلا ثلاثة: عيسى بن مريم، وصاحب جريج ، وكان جريج رجلاً عابداً، فاتخذ صومعة فكان فيها، فأتته أمه وهو يصلي، فقالت: يا جريج ! فقال: يا رب! أمي وصلاتي -أيهما أقدم؟- فأقبل على صلاته، فانصرفت -أي: أمه- فلما كان من الغد أتته وهو يصلي، فقالت: يا جريج ! فقال: أي ربِّ، أمي وصلاتي، فأقبل على صلاته، فلما كان من الغد أتته وهو يصلي فقالت: يا جريج ! فقال: أي ربِّ! أمي وصلاتي، فأقبل على صلاته، فقالت: اللهم لا تمته حتى ينظر إلى وجوه المومسات. فتذاكر بنو إسرائيل جريجاً وعبادته، وكانت امرأة بغي يُتَمَثَّل بحسنها، فقالت: إن شئتم لأفْتِنَنَّه، فتعرضت له، فلم يلتفت إليها، فأتت راعياً كان يأوي إلى صومعته فأمكنته من نفسها، فوقع عليها -الراعي- فحملت. فلما ولدت قالت: هو من جريج -الولد ولد الزنا من جريج - فأتوه فاستنزلوه وهدموا صومعته، وجعلوا يضربونه، فقال: ما شأنكم؟ قالوا: زنيتَ بهذه البغي، فولدت منك، قال: أين الصبي؟ فجاءوا به، فقال: دعوني حتى أصلي، فصلى فلما انصرف أتى الصبيَّ فطعن في بطنه وقال: يا غلام! من أبوك؟ قال: فلان الراعي، فأقبلوا على جريج يقبِّلونه ويتمسحون به وقالوا: نبني لك صومعتك من ذهب، قال: لا. أعيدوها من طين كما كانت، ففعلوا) .

هەر لەم ڕیوایەتەدا  پێغەمبەری خوا  چیرۆکی ئەو ئافرەتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە منداڵێکی شیرە خۆرەی پێ بوو  پاشان بەچ شێوەیەك هاتە قسەکردن وگفتۆگو کردن ،لێرەدا ئێمە باسەکەمان کوورت دەکەینەوە لەبەسەر هاتی(ئەو منداڵەی کە هاتە قسە کردن لەگەڵ جریج) دا

واتای وراڤەی فەرموودەکە :

پێغەمبەری ئازیز ( درودی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت : هیچ کەسێك لە لانکەدا ناهاتوەتە قسە وگفتوگۆ کردن جگە لەسێ ( منداڵ ) نەبێت ، عیسای کوری مەریەم ، هاوەڵە ( منداڵە) کەی جورەیج ....

جورەیج کەسێکی خواپەرست بوو پەرستگایەکی بۆخۆی دروست کردبوو بەندایەتی خوای تیادا دەکرد ، ( ڕۆژێك ) لەکاتێکدا جورەیج خەریکی خواپەرستی و نوێژ کردنی ( سوننەت ) بوو دایکی هات بۆلای و بانگی کرد ئەی جورەیج ، جورەیجیش لە ( دڵی ) خۆیدا ووتی ئەی خوای گەورە نوێژەکەم تەواو بکەم یان وەڵامی دایکم بدەمەوە ، ئەوەبوو نوێژەکەی پێشخست و وەڵامی دایکی نەدایەوە ، دایکیشی لەوکاتەدا نزایەکی لێکرد، هاواری کردە لای خوا ووتی : ئەی خوای گەورە نەیمرێنیت هەتاوەکو ڕووبەڕوی ئافرەتانی داوێن پیسی دەکەیتەوە و چاوی پیان دەکەوێت ، ( جورەیج هێندە خواپەرست بوو )  بەنو ئیسرائیل لەهەموو جیگایەك باسی خواپەرستیەکەیان دەکرد ، ئافرەتێکی داوێن پیسیش کە ناوبانگی لەجوانیدا دەرکردبوو، ووتی بە بەنوئیسرائیل ئەگەر دەتانەوێت من دەتوانم توشی خراپەکاری و( زنا ) ی پێ بکەم ، ( یان وەکو بڵێیت ئەوە چیە ئێوە زۆر پیێ سەرسام بوون من دەتوانم هەڵی بخەڵەتێنم و توشی خراپەی بکەم ) ئەوەبوو ئافرەتە داوێن پیسەکە ( خۆی ڕازاندەوە ) و ڕۆشت بۆ لای جوریج و خۆی پیشان دا، بەڵام جورەیجی خواپەرست ئاوری لێ نەدایەوە وسەیری نەکرد ،  شوانێك کە لەو نزیکانەدا مەڕومالاتی دەلەوەڕاند وهەمیشە لە پەرستگاکەی جورەیجدا دەحەوایەوە ئافرەتە داوێن پیسەکە نزیك بوویەوە لێی و لەگەڵ شوانەکەدا ( زینا ) ی کرد و پاشان سکی پڕ بوو  دواتر کە منداڵی بوو ئافرەتەکە ووتی ئەو منداڵە لە جورەیجە - منداڵ منداڵی زینایە وباوکی جورەیجە -، پاشان خەڵکەکە ئەمەیان زانی هاتن وپەرستگاکەیان ڕوخاند و زۆریشیان دا لە جوریج ، ئەویش هەرئەوندەی پێکرا ووتی لەبەرچی لێم دەدەن ؟ ووتیان : چۆن چی بووە تۆ ( زینا ) ت کردوە لەگەڵ ئەم ئافرەتە داوێن پیسەدا و ئەو منداڵەشت لێی بووە ، ( جوریج )یش لێی پرسین ووتی منداڵەکە لەکوێ یە ؟  پاشان منداڵەکیان هێنا و ( جورەیج ) ووتی بەخەڵکەکە لێم گەڕێن نوێژێك بکەم ، کاتێك نوێژەکەی کردو لەنوێژەکەی بوویەوە ، منداڵەکەیان هێنا و ( جورەیج ) بەدەستی دای لە سکی منداڵەکە ووتی بە منداڵەکە : ئەی منداڵ باوکی تۆ کێ یە ؟ منداڵەکەش ( بەفەرمانی خوا ) هاتە قسە و گفتوگۆ وەڵامی جورەیجی دایەوە ووتی : باوکی من شوانەکەیە ، کاتێك خەڵکەکە ( ئەم کەرامەتەیان ) لە جوریج بینی

کەلەلایەن خوای گەورەوە پێی درا ، زۆر سەرسام بوون ودەستیان کرد بە ماچکردنی جورەیج و دەست پیاهێنانی ، پەشیمان بونەوە لە کارەکەیان و ووتیان بە جورەیج پەرستگاکەت لە زێر بۆ دروست دەکەینەوە ، ئەویش ڕازی نەبوو ووتی پیان نامەوێت بەڵکو وەکو خۆی لە قوڕ دروستی بکەنەوە ، ئەوانیش لە قوڕ بۆیان دروست کردەوە .

ئەو پەند وئامۆژگاریانەی لەم بەسەرهاتەوە وەردەگیرێت :

١- پێشخستنی وەڵام دانەوەی دایك بەسەر نوێژی سوننەتدا ،کاتێك کەدایك ڕۆڵەکەی بانگ بکات ،هەریەکێك لەئێمە لەنوێژی سوننەت دا بوو دایکی یان باوکی بانگی کرد وزانی ئەگەر وەڵامیان نەداتەوە تورە دەبن ، ئەوە با نوێژەکەی ببڕێت و وەڵامی دایك و باوکی بداتەوە، بەڵام ئەگەر زانی دڵی دایك وباوکی لیێ ناڕەنجێت ئەوە با نوێژەکەی درێژ نەکاتەوە وبەخێرایی تەواوی بکات و پاشان وەڵامیان بداتەوە ، بەڵام ئەگەر نوێژەکە نوێژی فەرز بوو ئەوە با نوێژەکەی نەبڕێت بەڵام نوێژەکەی بە خوێندنی سورەتی کورت و کڕنوشی وسوجدەی کورت بکات وسەلام بداتەوە وپاشان وەڵامیان بداتەوە ، کەوابێت لەم فەرموودەوە ئەوە فێر دەبین دەبێت وەڵامدانەوەی دایك پیشبخرێت بەسەر تەواو کردنی نوێژی سوننەتدا ، وەئەگەر توانی وئەوانیش زویر نەدەبون بانوێژەکەی خێرا تەواو بکات ودواتر وەڵامیان بداتەوە ، هەروەها نوێژی فەرزیش خیرا تەواو بکرێت دواتر وەڵامی دایك وباوك بدرێتەوە .

٢-ڕاگرتنی هەستی دایك : گومانی تێدا نیە دایك لەڕادەبەدەر ڕۆڵەی خوی خۆش دەوێت ، تامەزرۆیە بۆ دیتن و دواندن و گفتوگۆ لەگەڵ کردنی ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر منالەکانیشیان هەست بەو هەمووە خۆشەویستی یەی دایکیان بکەن و نەڵێن سوود لەێیدایە دایکم من ببینێت ، یان سەردانم بکات ، منیش دەڵێم ئەوە دڵی دایکە کە دەکوڵێت بو بینینی ڕۆڵەکەی ، کە ساتێك خۆشەویستی منداڵێکی ناگۆڕێتەوە بەهەموو دونیا ، جابۆیە دەبێت مرۆڤ زۆڵ ئاگاداری دڵی دایکی بێت و بەهەموو شێوەیەك دڵی ڕاگیر بکات ، هەربۆیە دەبینیت منداڵ کاتێك گەورە دەبێت و دەبێت بە پیاو سەرقاڵی دونیاو بازرگانی و کەسابەت دەبێت ئیتر بەهیچ شیوەیەك ڕەچاوی دڵی دایك وباوکی ناکات و گوێیان پیێ نادات و جاری واهەیە ئەگەر بەساڵ و دوو ساڵ نەیانبینێت نایەت بە خەیاڵیدا ، مەگەر کاتێك نەبێت کە گەورە بن و خوشیان بن بەدایك وباوك ئەوکاتە هەست دەکەن دایك وباوك چەندێك منداڵی خۆیان خۆش دەوێت جا بیریان دەکەوێتەوە کاتی خۆی دایك وباوکی خۆیان چەندێك ئەمانیان خۆش ویستوە ئوجا پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و سەد ڕەحمەت بۆ دایك وباوکیان دەنێرن ئەو ڕۆژانەیان بیردەکەوێتەوە کە دایك وباوکیان بۆیان پەرێشان بوون ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان پێش لەدەست دانیان و وەفاتکردنیان هەتا بتوانین ڕێزیان بگرین و وخزمەتیان بکەین، نەلێین کارمان هەیە و سەرمان قاڵە و ناتوانین زیارەت و سەردانیان بکەین ، چونکە بینی دایك وباوك بەتایبەتی دایکی میهرەبان زۆر گرنکە مرۆڤ بە خۆشویستس

ئەوانەوە مرۆڤە ئەگین بەبێ بوننی میهر و خوشەویستی ئەوان دونیا بێ کەڵك و وێرانە ، مرۆڤ نابێت بێ نیاز بێت لێیان هەرگیز هەمیشە لە نزاو پاڕانەوە بێ بەشیان نەکات لە ژیان و پاش ژیانیشیان چونکە بەرهەمی ماندوو بوون شەونخونی ئەوان بوون بەهۆی ئەوەی ئێستا ئێمە ئاوا خۆمان بەگەورەیی ببینین هەروەك پەروزەردگار دەفەرموێت : ( وقل رب ارحمهما كما ربياني صغيرا ) سورەتی (الإسراء ) ئایەتی : 24 .

٣ـ نابێت دایك وباوك نزاو پاڕانەوە دژ بە ڕۆڵەی خۆیان بکەن چونکە پێغەمبەری ئازیزمان قەدەغەی کردوە هەروەك دەفەرموێت:( لاتدعوا على أنفسكم ولا تدعوا على أولادكم ولا تدعوا على خدمكم ولا تدعوا على أموالكم لا توافقوا من الله [ عزوجل ] ساعة نيل فيها عطاء فيستجيب لكم ........) سونەني ئەبي داود أبواب فضائل القرآن (باب النهي عن أن يدعو الإنسان على أهله وماله) فەرموودەی ژمارە 1532 . چونکە دوعای دایك وباوك گیرا دەبێت دواتر ئەگەر گیراش بوو ئەوا ئەو دایك وباوکە پەشیمان دەبنەوە و ئاخ هەڵدەکێشن و خەفەتی پێ دەخۆن ، بەڵام خوای گەورە ڕەحمی ئەوەی کردوە کە هەموو دوعا ونزاکانمان لە منداڵ وجگەر گۆشەکانمان گیرا نابن ئەگینا هەموویان دەمردن ، بەڵام ئەوەندە بزانین لە ڕۆژدا کاتێك هەیە دوعاو نزای تیادا گیرا دەبێت جا دەبێت زۆر ئاگادرای خۆمان بین لە پای هیچ نزا نەکەین لە جگەر گۆشەکانمان .

٤ـ هەروەها یەکێکی تر لە پەند وئامۆژگاریەکان ئەوەیە تێ بگەین کە مرۆڤی خواناس و لە خوا ترس هەرگیز فڕوفێڵی ناحەزان و بێ باوەڕان کاری تێ ناکەن و ناتوانن لە خشتەی ببەن، چونکە مرۆڤ کاتێك لەگەڵ خوای خۆیدا نێوانی خوش وئاوەدان بوو ئەوا هەموو کاتێك دڵنیایە ئەگەر کەوتە تەنگانە وناخۆشی خوای گەورە دێت بە هانایەوە ئەگەر داوای لێ بکات هەروەك پێغەمبەری پێشەوامان ( درودی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت: ( تعرف الله في الرخاء يعرفك في الشدة ) واتە : لەکاتی خۆشی و ئاسوودەیدا خوای گورە بناسە لەیادت بێت ئەویش لەکاتی ناخۆشی و ناڕەحەتیەکانی ژیاندا دێت بەهاناتەوە و ڕزگارت دەکات ، هەروەها دفەرموێت : ( من أصلح ما بينه وبين الله أصلح الله مابينه وبين الناس جميعا ) واتە : هەرکەسێك نێوان خۆی خوای گەورە ڕێك بکات و بێ فەرمانی نەکات خوای گەورەش نێوان ئەو خەڵکی چاك دەکات ، هەر بۆیە دەبینیت ( جورەیج ) لەبەر ئەوەی خواناسێکی زۆر چاك بوو نێوان خۆی خوای گەورەی بە بەندایەتی ڕاست ودروست ئاوەدان کردبووەوە وباوەڕێکی بتەوی چاکی هەبوو بە پەروەردگار، فڕ وفێڵی ئەو ئافرەتە داوێن پیسە نەیتوانی لە ڕێگەی ڕاست لای بدات و تووشی بێ ڕەوشتی بکات ، ئەم هەڵوێستەی جورەیج پیاوی خۆی دەوێت کە خۆراگر بێت لەسەر باوەڕەکەی وشەیتان و بێچوە شەیتانەکان نەتوانن توشی کار خراپ ونابەجێی بکەن ، خۆ ئەگەر مرۆڤ باوەڕی بتەوی نەبێت لەو جۆرە هەڵوێستانەدا بەبێ گومان تێ دەکەوێت و باوەڕەکەی دەدۆڕێنێت .

٥ـ پەنا بردنە بەر نوێژ و خواپەرستی لەکاتی ناخوشی وهەڵوێستە دژوارەکانـدا ، جا ئەگەر باوەڕی مرۆڤی موسڵمان کەیشتە ڕادەی یەقین و دوور لە دڵەڕاوکێ لەسـەر ئاینەکەی ئەوا خوای گەورە بەیارمەتی خۆی ( کەرامەت ) ی پیشان دەدات و ئەو داب و نەرینەی خەڵك لەسەر ڕاهاتون بۆی دەگۆڕێت ، هەروەکو چۆن خاوی گەورە ئەو منداڵە ساوایەی هێنایە قسەو گفتۆ گۆ کردن پاکی و دوور لە پیسی ( جورەیج ) ی سـەلماند بە خەڵکەکە ، ئەمش بە باوەڕی یەقین دەبێت لەگەڵ ئومێد و رجای خێر بە پەروەردگار .

٦ـ سەلماندن وبونی ( کەرامات ) بۆ خواناس و بەنـدە زۆر موخلیسـەکانی خـوای گەورە ، هەروەکو چۆن لەم ڕوداوەدا خوای گەورە ( کەرامات ) ی پیشانی ئەو خـەڵکـەدا لـــــــــــەســـــــــــەر دەســـــــــــتی ( جورەیج ) .

٧ـ لەدوای هەمـوو ناخوشـیەك خـوای گـەورە خوشـی وفـەرەج دێنێـت و دەرگـای میهرەبانی خۆی لەسـەر بەندەکانی دەکاتەوە هەروەك چۆن هات بەهانـای ( جـورەیـج ) وە ولەوتەنگانەیە ڕزگاری کرد پەروەردگاریش دەفەرموێت ( فإن مع العسر یسرا ، إن مـع العسر یسرا ) سورەتی الانشراح ئایەتی : 5 – 6 ، هەروەها دەفەرموێـت : ( حتـی إذا استیأس الرسـل وظنوا أنهم قد كُذبوا جاءهم نصرنا ) سـورەتـی یوسـف ئایـەتـی ژمـاه : ١١٠ ، واتە : کاتێك پێغەمبـەرانـی خـوا تـەواو مانـدوبون و بـێ ئومێـد بـوون لـەگـەڵ بـێ باوەڕاندا گومانیان برد ئیتر ئەمان بـەدرۆ خراونـەتـەوە و پـەروەردگـار نایـەت بـە هانایانـە ، بەڵام سەرکەوتن و یارمەتی ئێمە دادەبەزێت بۆیان سەردەکەون بەسەر بێ باوەڕاندا .

8ـ کەسـی بێ شـەرم و بێ ئاپروو هیچ حورمەت و ڕێزێکی نیە ، تەمـشا بکـە ئـەو ئافرەتە بێ شـەرمە داوێن پیسـە چۆن و بەچ شێوەیەك وبێ شـەرمانـە لـە بـەردەم ئـەو خەڵکەدا دەڵێـت مـن ئـەتـوانم ئـەو خواپـەرسـتە تووشــی ( زینـا ) بکـەم جـا کـە مـرۆڤ شـەرمی لەخواو بەندەکانی نەکرد هەرچیەکی بیەوێت دەیکات وەك پێغەمبـەری ئـازیز ( درودی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت(إنَّ مما أدرك الناس من كـلام النبـوة الأولـى إذا لـم تستح فاصنع ما شئت) الراوي :أبو مسعود عقبة بن عمرو - خلاصة الدرجة] :صحيح [ - المحدث :البخاري - المـصدر :الجـامع الـصحيح - الـصفحة أو الـرقم: 3484 واتـە : ئەگەر شـەرم وشـکۆت لا نەما هەرچیەك دەتەوێت بیکە بە ئارەزووی خۆت . چونکـە هـەر شـەرم وشـکۆیە مرۆڤ زۆر جار دەگەڕێنێتەوە لە خراپە کاری .

٩ـ بوونی حەسەد و بەخیلی و چـاوچنۆکی لـەهـەمـوو سـەردەمـك چـەرخێکـدا : دەبینین کاتێك ئەو خەڵکە ( جورەیج ) یان دەبینی ئەو هەمووە خواپەرستی وبەندایەتیە دەکات زۆریان پێ ناخۆش بوو ، هەر لەبەر ئەوە زوو خێرا ڕازی بوون بە پیلان و فێڵی ئەو ئافرەتە داوێن پیسـە دژ بە ( جورەیج ) ئەویش لەبەر ئەوەی پیان ناخۆش بوو خۆیـان وەك ئەویان پێ ناکرێت ، مرۆڤ هەیە حەسوودی بە ماڵ وسـەروەت سـامانی کـەسـانی تـر

دەبات هەیە  بە پلە پایە دەبات هەیە حەسوودی بە وەچەو نەوەی کەسانی تر دەبات ، ئەویش بەوەی ئاواتە خوازبێت ئەو نیعمەتو سەروەت سامان ماڵو منداڵەی کە بەرامبەرەکەی هەیەتی لەناو بچێت ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت ، بێگومان حەسودی بردن بە خواپەرستی کەسانی تر دروست بەمەرجێك ئەو کەسە بڵێت خۆزگە منیش وەك ئەو خواپەرسیم پێدەکرا ، نەك بچێت پلانی بۆ دابنێت بۆ ئەوەی تووشی بەڵاو کار خراپەی بکات هەروەك یۆن بەنو ئیسرائیلەکان کردیان دژ بە ( جورەیج ) .

١٠ـ گەورەیی فڕوفێڵی ئافرەتان ، دەبینیت ئەو ئافرەتە داوێن پیسە کاتێك نەیتوانی ( جورەیج ) خواناس لە خواپەرستیەکەی لابدات وتوشی بێ ڕەوشتی بکات ، هات بە فڕوفێڵێکی تر و لەنزیك پەرستگاکەی ئەودا خۆی دا بەسەر ئەو شوانەدا پاشانیش ( تهمە) تەکەی دا بەسەر ( جورەیج ) دا بۆ ئەوەی ناوی بزڕێنێت و بی حورمەت و پێ ڕێزی بکات لە پێشچاوی خەڵکی ،بەڵام نەیزانی خوای گەورە لەسەروو حەوت ئاسمانەوە دێتە جواب لەسەر ( جورەیج ) وپاکیەتی دەسەلمێنێت وفڕوفێڵەکەی بەتاڵ دەکاتەوە وڕوو زەردی لای خەڵکیشی دەکات ، ئەوجا با سزای ڕۆژی دوایش بوەستێت .

١١ـ تاقی کردنەوەی خوای گەورە بۆ بەندە ڕاست و دروستەکانی تاوەکو تاقیان بکاتەوە ئایا لەکاتی ناخۆشی و بەڵاو موسیبەتدا خوایان لە بیر ناچێتەوە ، هەروەکو خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی تاقی کردوەتەوە بە شێوازی جۆراو جۆر .

١٢ـ بێ ئاگای و نەزانی کەسانی ( جاهل ) و تێ نەگەشتوو لە باوەڕی ڕاست و دروستی ئاینی خوای گەورە، دەبینیت بەنو ئیسرائیلیەکان کاتێ ئەو ( کەرامەت )ەیان بینی لە ( جورەیج ) خێرا دەستیان کرد بە دەست پێدا هێنانی ( جورەیج ) ، جا بۆیە پێویستە مرۆڤ ئەگەر خوای گەورە شتێکی وای لەسەر دەستی ئەودا بەدی هێنا دەبێت خوای گەورەی لەبیر بێت ئەو ( کراماتە ) بە هێز ودەسەڵاتی خاو بزانێت بەرگریش لەخەڵك بکات کە بە پیرۆزی نەزانن ودەست قاچی ( مسح ) بکەن و بە ( تبرك ) ی بزانن،بەڵام (جورەیج ) پێ دەچێت لەبەر زۆر خەڵکەکە نەیتوانی بێت بەرگری لە کارو خووە ناپەسەندە بکات ، چونکە ئەم جۆرە کارانە سەر دەکێشێت بۆ (شرك وبت پەرستی) .

١٣ـ تەوازع و پاکیەتی کەسی خواپەرست لەم ڕووداوەدا دەردەکەوێت ، کاتێك ( جورەیج ) بینی بە چاوی خۆی کە ئەو خەڵکانە چۆن وبەچ شێوەیەك پەرستگاکەیان ڕوخاند بەسەریدا و دەریان کرد ، دواتر کە پاکیەتی لەلایەن خواوە دەردەکەوێت ، لە خۆی بای نابێت و ڕەوشتی تۆڵە سەندنەوە لە دڵو دەرونیدا جێگیر ببێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لیان خۆش دەبێت ، کاتێکیش داوای لێ دەکەن کە پەرستگاکەی لە(زێڕ ) بۆ دروست بکەنەوە لەسەر جوانتیرن شێوە ڕازی نابێت بەڵکو دەڵێت نامەوێت تەنها

خۆی چۆن بوە یەکەمجار کە لـە گـڵ دروسـتکرابوو تـەنها بـەوشـێوەیـە زیـاتری ناوێـت ، چونکە ( جورەیج ) دەیزانی پەرستگا خواپەرستی و لە خوا ترسـان ئـاوەدانـی دەکاتـەوە نەك شتی ڕووکەش و ڕازاندنەوەی بە ( زێر ) و شـتی لاوەکی کە بەهیچ شێوەیە پێـوەر نین لای خوای گەورە، وەك پێغەمبەری پێـشـەوامـان دەفـەرموێـت ( إن الله لا ينظـر إلـى أجـسامكم ولا إلـى صـوركم ولكـن ينظـر إلـى قلـوبكم ) الـراوي :أبـو هريـرة - خلاصـة الدرجة :صحيح - المحدث :مسـلم - المصدر :المسـند الصحيح - الصفحة أو الرقم: 4651 ، واتە: خوای گەورە سـەیر وتەماشـای لاشـە وجەسـتە وشـێوازتان ناکـات بـەڵکـو تەماشای دڵەکانتان دەکات ، کە ئایا بە نووری ئیمان وخواپەرستی ئـاوەدانـە یـان وێرانـە لە کەلاوەی کۆن خراپترە .

خوای گەورە هەموو لایەك موفەق بکات لەسـەر خواپەرستی وخوشـەویـستی دایك وباوك وبە گوێ کردنیان ، وە لە خوای پەروەردگـار داواکـارین تاقیمـان نـەکاتـەوە بـە شتانێك کە نەتوانین سـەبر وئارامی لەسـەر بگرین ( اللهم آمين ) .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .